# 127 سەعات

" کێشەکە لە سەختی ئەو ئازارەدا نەبوو، کە لەکاتی بڕینەوەی قۆڵی خۆم بەدەستی خۆم چەشتم؛ بەڵکو کێشەکە لەلای من ویستی هەڵبژاردنی ئازادانەی ژیان بوو. "

ئارۆن ڕاڵستۆن Aron Ralston تەمەن 26 ساڵە، ئێوارەی ڕۆژی هەینی هەفتەی کۆتایی مانگی چواری 2003 کۆڵەپشتەکەی هەڵگرت و بەرەو چیای «بلو جۆن کانیۆن» لە ناوچەی ئۆتا لە ولایەتی کۆلۆرادۆی ئەمەریکا بە ئۆتۆمبیل بەڕێکەوت ئارۆن، کەسێکی جەربەزە و سەرەڕۆ و شاخەوانێکی شارەزا بوو. ئەو بەو تەمەنە کەمەی خۆیەوە چەندەها گەشتی شاخەوانی بەتەنها بۆ زنجیرە چیاکانی کۆلۆڕادۆ و ولایەتەکانی دراوسێی کردبوو. شارەزاییەکی باشی لە هەڵگەڕان بەسەر چیای سەختدا .هەبوو، بەڵام گەشتی ئەمجارەیان گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ژیانیدا هێنا
پلانی گەشتەکەی وا دانابوو، کە دوو ڕۆژ لە چیا بەسەربەرێت و ئێوارەی یەکشەمە بگەڕێتەوە، چونکە دەبوا بەیانی دووشەمە لەسەر کار بێت (ئارۆن، شاخەوانی وەک خولیا و لەکاتی بێکاریدا دەکرد !) بەڵام هەر تەنها دوای 24 سەعات لە گەشتەکەی .کارەساتێک ڕوویدا و سەرلەبەری پلان و خەونەکانی تێکدا
لەکاتی هەڵگەڕانیدا بەسەر ڕەوەزێکدا، بەردەبێتەوە و دەکەوێتە کەندێکی تەسکەوە. تاوێرەبەردێکی هێندەی بەرمیلێکیش بەسەریدا گلۆردەبێتەوە و قۆڵی ڕاستی دەکەوێتە ژێر تاوێرە بەردەکەوە. هەرچەندی تێدەکۆشێ قۆڵی لەژێر ئەو تاوێرە، بۆ دەرنایەت کەس نەیدەزانی ڕاڵستۆن بۆ کوێ چوە، ئاخر بەهیچ کەسێکی نەگوتبو، کە دەچێت بۆ شاخەوانی ( کێڤنەوەردی )

" چەند سەعاتی یەکەم، گەرچی ئازار هەراسانی کردبوم، بەڵام ئارامی خۆم پاراست، من چونکە وەک پیشە ئەندازیارم، لە خوێندنەکەمدا فێربوم چۆن ڕێگەچارە بدۆزمەوە و کێشە چارەسەر بکەم. وەلێ بە تێپەڕبونی کات و هەوڵی بێ ئەنجامم بۆ خۆ ڕزگارکردنم لە ژێر ئەو تاوێرەبەردە، لەو بڕوایە نزیک دەبومەوە، کە لەم کەندەدا دەمرم!

127 سەعات کاتی دۆزەخئاسا، لە نێوان هەوڵی بێ ئەنجام و گومانی قوڵ و ترسی مەرگدا، تۆ بڵێیت لەکوێوە هێزی بەرەنگاربونەوە ببزوێت و ترووسکەی هیوا بۆ ڕزگاربون و درێژەپێدانی ژیان سەرهەڵبدەن؟ "

لە ڕۆژی سێیەمدا، دوا دڵۆپە ئاوی مەتارەکەمم خواردەوە. ڕۆژی چوارەم ناچاربوم میزی خۆم بخۆمەوە. بەڵام ئەو هێزەی تینی پێدەدام، ئەو کامێرە ڤیدۆییە گچکەیە بوو، کە پێم بوو. جارجار سەیری ئەو دوا گرتانەم دەکرد، کە لەگەڵ دایک و بابم و خوشکەکەمدا گرتبومن، ئەو وێنە و دیمەنانە، شادییەکی زۆریان پێدەبەخشیم و لەو تەنهاییە مەرگهێنەمدا خەمڕەوێن بوون. دواتر، بڕیارمدا کە ئەو کەمە هێزەی لە لەش و ئەو کەمە تینەی لە هۆشمدا و لە باتری کامێرەکەمدا ماون، بۆ ماڵئاوایی لەو ئازیزانەم بەکاربهێنم و پێیان بڵێم، کە چەندەم خۆشدەوێن و هاوکات داوای لێبوردنیشیان لێبکەم، چونکە زۆربەی جارەکان من لەئاست ئەو هەموو خۆشەویستی و گشت بەتەنگەوەهاتن و پەرۆشییەی ئەوان بۆ من. کەمتەرخەمبووم. "
لە ڕۆژی پێنجەمدا و دوای تۆمارکردنی سۆزی دەرونم و گوتەکانم، هەستمکرد ئیدی بەتەواوی مەرگ لێم نزیکە، قەڵەمبڕێکی «چینی»م پێبوو، بەو قەڵەمبڕە، ناوی خۆم و ڕۆژ و ساڵی لەدایکبونم و ئەو ڕۆژەشم ( 29 ی ئاپریلی 2003 ) لەسەر (دیوارە)بەردەکەی تەنیشتمەوە، هەڵکۆڵی.
لەو کاتەی خەریکی هەڵکۆڵین بوم، هەستمکرد کە دەتوانم کەمێک باڵم لەژێر تاوێرە بەردەکەدا ببزوێنم. لەپڕ گوڕ و تینێکی زۆرم وەبەرهاتەوە. گەرچی پێشتر بە خەیاڵمدا هاتبو، کە قۆڵی خۆم ببڕمەوە، بەڵام لەبەر گچکەیی چەقۆکەم، دەمزانی کەناتوانم ئێسکەکەی ببڕم، بەڵام کە زانیم دەتوانم باڵم بجوڵێنم و تەنهاش چەند سەعاتێک لە ژیانم ماوە، بە خرکە بەردێک کەوتمە شکاندنی ئێسکی باڵم. لەبەر بێ هێزی ماسولکەکانم، ساتەکانی قۆڵشکاندنەکەم درێژەیان دەخایاند. ئەو ساتە ئازاراوییانە، هێندە سەختبون، ئێستاش موچڕکەم پێدادێنن. دواتر بەو چەقۆ کولە، کەوتمە بڕینەوەی قۆڵم. ئەو ساتە پڕ ئازارانە، لە باسکردن نایەن!
تەنها هێزی ویستی ژیان، گوڕ و تینی پێدەبەخشیم تا بەرگەی ئەو ئازارە بێ ئەندازە سەختە بگرم.
دوای بڕینەوەی قۆڵم و ڕزگاربونم لەو تاوێرە بەردە و هاتنەدەرەوە لەو کەندە، کە من بە هاتنەدەرەوە لە گۆڕم دەبینی، هێشتا مەترسی مردن و سێبەری مەرگ نەڕەوییبونەوە. دەبوا بەو برین و خوێنبەربونەوە 11 کیلۆمەتر بڕۆم تا بگەمە ئەو شوێنەی ئۆتۆمبیلەکەمم لێ ڕاگرتبو، دوای ئەوەش دەبوا نزیکەی 100 کیلۆمەتر باژۆم، تا بگەمە نزیکترین خەستەخانە بۆ چارەسەر کردن.

لەماوەی 127 سەعات ڕووبەڕووبونەوە، لەگەڵ مەرگ و ئازاری بێ سنوردا، تاکە هێز و هیوایەک، کە نەیدەهێشت دەستبەرداری ژیان و تەسلیمی مەرگبم، خۆشەویستی کەسە نزیکەکانم بوو. "

دوای خوێندنەوەی ئەم بەسەرهاتە، با چەند پرسیارێک بکەین:

ئەو هێزە/ هێزانە، چییە/ چین، کە هیوای ژیانمان پێدەبەخشن؟
ئایا تەنها خۆشەویستی و خۆشویستن، بەسە بۆ بەردەوامی ژیان؟
ئایا بەرگەگرتنی ئەو هەمکە ئازارەی ئارۆن، لە ویستی ژیان، یان لە خۆویستییەوە سەرچاوەی گرتوە؟
گەر کۆتایی ژیان هەر مەرگ بێت، ئیدی بۆ دەبێت پێش مەرگ ئازار بچێژین، یان خۆمان ئازاربدەین ؟
ئایا ئەوە تەنها بەرگەگرتنی ئازار بوە، کە ئارۆنی بەزیوندیی هێشتۆتەوە، یان ژیاندۆستی بوە؟
بڕوادەکەیت کە ژیان گشتی هەڵبژاردنە و ئەو هەڵبژاردنانەش ڕێڕەوی ژیانمان دەگۆڕن؟
ئایا دەبێت تەنها لە ساتە سەخت و ئازاراوییەکاندا، خۆشەویستی کەسانی نزیک و دۆست و ئازیزانمان بیربکەوێتەوە ؟

تێبینی:

ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی، ئافتن پۆستن Aftenposten لە 2011/1/8 ، بەشی کلتور، ل 7 وەرگیراوە.
.ئافتن پۆستن، یەکێکە لە 3 سەرەکیترین و پرفرۆشترین، ڕۆژنامەکانی نەرویج، چاپی بەیانیان و ئێوارانیشی هەیە
ئەم بەسەرهاتەی ئارۆن ڕاڵستون، لەلایەن هۆلیودەوە، بەناوی « 127 سەعات» کراوە بە فیلم
ئارۆن، ساڵێک دواتر، بەسەرهاتەکەی خۆی لە کتێبێکدا چاپکردوە، یەکێک بوو لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی ئەمریکا و بریتانیا، لە ساڵی 2004 دا
ئێستا ئارۆن، لە زۆر وڵات، بۆ گوتار خوێندنەوە و سێمینارںەستن، بانگدەکرێت و باسی توانای خۆڕاگرتن و بەرگەگرتن، لە ساتە پڕ سەختی و ئازاراوییەکاندا بۆ خەڵکی دەکات.

